# هەوڵۆچکەیەکی تری،
# بەرەو ڕاستە ڕێیەکی ڕێنووسی زمانەکەمان


ئەکادیمیای کوردی
شەقامی هەڵەبجە
هەولێر ـ کوردستان

The Kurdish Academy
Halabja Arenve
Hawler, Kurdistan

Email:Kurdishacademy@yahoo.com
Fax: 066 22 32 880

**هەروەك ڕێنووس پەیوەندیی بەدەنگسازییەوە هەیە،**

**پەیوەندیی بە ڕێزمانیشەوە هەیە،**

**بۆیە پێویستە دەستوورەکانی ڕێنووس، لەبەر تیشکی ڕێزماندا تەماشا بکرێن و پێکەوە گونجان و نەگونجانیان ڕەچاوبکرێت...**

## ( کورتە پێشەکییەك )

زمانی کوردی، لە نووسیندا کێشەی زۆرە، چونکە بەهۆی بارودۆخی ئاڵۆز و نا هەموار و تایبەتیی خۆیەوە، زۆر درەنگ دەستی کردووە بە نووسین، بۆیە هەرکەسە بە ئارەزوو و بە پێی فێربوون و ڕاهاتن و ئاستی خوێندەواری و شارەزایی و سەلیقەی خۆی بە جۆرێك دەنووسێت..!، زمانە زیندووەکانی ـ وەك ئینگلیزی و فەڕەنسی بۆ نموونە، چ خۆیان و چ هەموو ئەوانەیش کە بەو دوو زمانە دەنووسن، بە وردی پێڕەویی شێوە نووسینی ئەو زمانانە دەکەن، بەڵام بەداخەوە، زمانەکەی ئێمە، ئەوەندەی بەهۆی بارودۆخی نا هەموار و نەبوونی ئارامی و سەربەخۆیی و قەوالەیەکی گشتگر و درێژخایەنەوە، دواکەوتوو و خزمەت نەکراو بووە، ئەوەندەیش بەهۆی نەبوون (یان کەمی) پەرۆش و خەمخۆریی زمانەوان و شارەزایان و توندڕەوی و دەمارگیری و پێبەندیی سیاسییانەوە فەرامۆش کراوە و کۆسپی بۆ دروست کراوە، کە دەیانتوانی و دەیشتوانن لە ڕێی زمانەوە، چارەسەری هەموو کێشە و کەلێن و کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی ڕێنووس بکەن و بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و ساغکردنەوەی بنچینەی وشە و شێوەی ئاخاوتن و دەربڕین و ڕاستە ڕێی نووسینیان و لەوانیشەوە، دروستە شێوازێکی نووسین دیاری بکەن...!

جا، هەر بەو پێودانگەی کە زانستییانە سازکردن و ساغکردنەوە و چەسپاندنی ڕێنووسێکی گونجاو و لە وەرگێڕان و پێ نووسینەوەی کتێبەکانی خوێندنی هەموو قۆناغەکاندا بەکار هێنراو، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، کە وەك هەموو بوارە بێ نەخشە و بێ بەرنامە و نیوەچڵ جێبەجێکراوەکانی ژیانی گەلەکەماندا، چەواشەیی و بێسەروبەریی شێوە نووسینەکانیشمانی گرتۆتەوە، بەهۆی نەزانی و نەشارەزایی زمان و پەی پێ نەبردنی هونەر و وردەکاری و نهێنییەکانیەوە، خەریکە ئەو خەوش و هەڵە و نووسینە ناشیبانانە دەچەسپێن و زمانەکەیشمان لەدەست دەچێت بۆیە، (کۆڕی زانیاریی کورد)، لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە، بایەخێکی زۆری دا بە دانانی ڕێنووسێکی دیاریکراو بۆ زمانی کوردی، چونکە بوونی ڕێنووسێکی گشتگر و بەڕێ و جێ و بە بەرنامە سازکراو، یەکێکە لە گیروگرفتە هەرە گەورەکانی هەموو دەمێکی ڕووناکبیریی کورد، بەڵام کارێکی وا ئیشی ساڵ و دوو ساڵ و دەساڵیش نییە و کردەی بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە و چاك و نوێسازی و تەتەڵە و بژاری ئەوەی کە هەیە بە پێی گەشە و پێشکەوتنی هەموو بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆجیای نوێ و زمانیش، دەبێت بەردەوام بێت...!، ئەوەبوو ئەوەندی کراو ڕەخسا، کردیان و دواتریش بەڕێوەبەرێتیی گشتیی بە کوردی خوێندن، کە بە هەڵە ناونرا، (بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خوێندنی کوردی)، هەوڵێکی بۆ ئەوکاتە گونجاو و کاریگەرەی دا و بەو هۆیەوە کە کتێبە بە کوردی وەرگێڕدراوەکانی خوێندنیان پێ نووسرایەوە، هەموو، یان زۆرینەی ئەو شێوە نووسین و ڕێنووسەی ئێستا ئێمە هەمووومان بەکاری دەهێنین، بەری ئەو ڕەنجەیە و...! لەم ساڵانەی دواییدا، هەوڵەکەی (کۆڕی زانیاریی کوردستان) و هەموو هەوڵە تاکە کەسی و تایبەتییەکانیش کە تاکو ئێستا دراون و دەدرێن و، بەم هەوڵۆچکەیەی (ئەکادیمیای کوردی)یشەوە کە بڕیاری وایە درێژەی پێ بدات و هەرچی پێ بکرێت درێغی نەکات، کە بێگومان ئەگەر بمانەوێت هەر کامێك لەو هەوڵانە شوێنی خۆی بگرێت و کاریگەر بێت و پێڕەوی بکرێت و لای خەڵکی پەسەند بێت، پێویستە

کتێبەکانی خوێندنی پێ بنووسرێتەوە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و بوارەکانی تری فەرهەنگ و ڕووناکبیریشدا بەکار بهێنرێت، بەم بۆنە نەتەوەییەیشەوە، ئەنجومەنی ئەکادیمیای کوردی، داوا لە هەموو زانا و شارەزایانی کورد و کوردناسانی بیانی دەکات، کە بەوردی ئەم هەوڵە و هەموو ئەو هەوڵانەی تریش کە دراون و دەدرێن بە چاوی بەرپرسییەوە بخوێننەوە و لێیان بکۆڵنەوە و لە ماوەیەکی کەمدا بیروڕای خۆیان و پێشنیازە بنیاتنەرەکانیانمان بۆ بنێرن، تاکو لەبەر ڕووناکیی بیرو بۆچوونە دڵسۆزانەکانی هەمووان، دوا بڕیاری خۆی بدات.

## تیپەکانی زمانی عەرەبی، ٢٨ تیپن، کە ئەمانەن:

**ا، ب، ت، ث، ج، ح، خ، د، ذ، ر، ز، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن، و، هـ، ی.**

لەم (٢٨) تیپە، (٢١)یان بۆ زمانی کوردی گونجاون، بەڵام (٧)یان بۆ زمانی کوردی ناگونجێن، کە ئەمانەن:

ث، ذ، ص، ض، ط، ظ، ع

پاشان، دەستکاری (٥) تیپی ئەو (٢١) تیپە گونجاوانە کراو (٥) تیپی تری کوردییان لێ سازکرا:

پ لە ب، چ لە ج، ژ لە ز، ڤ لە ف، گ لە ك

بەمەیش تیپە کوردییەکان بوونە (٢٦) تیپ، بەڵام گرفتی نووسین و کوردی پێ نووسینیان هەرما، چونکە زمانی کوردی چۆن لە دەم دەردەچێت، وا دەنووسرێت، بۆیە بە پێویست زانرا کە بە دانانی هەندێ نیشانە (٥) تیپی تریش سازبکرێت: (ڕ) بۆ ڕێی قەڵەو، (ڵ) بۆ لامی قەڵەو و (ۆ) بۆ واوی کراوە و (ێ) بۆ یێی کراوە (٥) بۆ بزوێنی تیپە کوردییەکان کە (٣٤) تیپن و ئەمانەن:

ئ، ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، و، وو، ۆ، ه، ی، ێ، یی.

★ تیپە خاڵدارەکان (١٦)ەن، بە هەموویان (٣٠) خاڵیان هەیە،

**تیپی:** ب، ج، خ، ز، غ، ف، ن، یەکی (١) خاڵ

**تیپی:** ت، ق، یـ، ێـ، یەکی (٢) خاڵ

**تیپی:** پ، چ، ژ، ش، ڤ، یەکی (٣) خاڵ

★ تیپەکانی ئەلفبێی عەرەبی، جگە لە (١) ئەلف کە بە جووڵە دادەنرێت، بە پێی شوێن و شێوەی گۆکردنیانەوە لە ناو دەمدا، دەکرێن بە پێنج بەشەوە:

(١) ***تیپە گەروویەکان:*** و، ح، خ، ع، غ، ھ.

(٢) ***تیپە مەڵاشوویەکان:*** ج، ز، ی، ك، ق، ش.

(٣) ***تیپە زمانییەکان:*** ص، گ، ت، د، س، ر، ل، ن.

(٤) ***تیپە ددانییەکان:*** پ، ژ، ڤ، چ.

(٥) ***تیپە لێوییەکان:*** ب، م، و، ف.

## ڕێنووس (ئۆرثـۆگرافی) Orthography

بێگومان، ڕێنووس، واتا: وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمان و دیارە ڕێنووس هۆیەکی کاریگەری ئاسانکاریی خوێندنەوە و نووسینە، خوێندنەوەیش، تێگەیشتنی مەبەستی نووسەرە لەوەی کە ویستوویەتی بە وشەی نووسراو دەری ببڕێ، خوێندنەوەی دروستیش ئەوەیە کە بتوانین بە کەمترین هەڵوێستە، چاو بەسەر زۆرترین وشەدا بگێڕین و یەکسەر تێیان بگەین، بۆیە بۆ چارەسەری هەموو گیروگرفتێکی ڕێنووسی زمانەکەمان، پێویستە ئەو چارانە پەسند بکەین کە خوێندنەوە و نووسین ئاسانتر دەکەن.

چاپووکیی خوێندنەوە، بە وردە وردە ڕاهاتنێکی یەکبینە و لە ژێر چاودێری و ڕێنماییدا پەیدا دەبێت و گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت و، لە ڕوخسارێکی تایبەتیدا شێوەگیر دەبێت، هەروەك توانستی وشە و تیپ ناسینەوەیش، بەهۆی مەرجە پەیوەندییەکەوە پەیدا دەبێت، کە پێی دەڵێن یاسای پەیوەستبوون Conditioning Law of association کە ئەویش بە ڕاهاتن پەیدا دەبێت، بە جۆرێك خوێنەر وای لێ دێت، هەر بە بینینی وشە. یان تیپەکە دەنگەکەی بیردەکەوێتەوە و ئەو دەنگەیش واتای وشەکەی بیر دەخاتەوە، جا لەبەر ئەوەی خوێندنەوە واتا زانینە و، واتا زانینیش بە جۆرێك باشتر دێتە دی، کە خۆمان بەوە ڕابێنین نووسینەکە وشەوشە و پچڕپچڕ نەخوێنینەوە، بەڵکو هەموو ئەو چەند وشانەی کە بەسەریەکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشن، بە نیگایەك بخوێنینەوە، بەوەیش دەتوانین وا خۆمان ڕابێنین کە خێرا بخوێنینەوە و هەر بە بینینی وشەکان، یەکسەر بە قووڵی واتاکانیان تێ بگەین و کارمان تێ بکەن.

هەندێ تیپ، لە زمانی کوردی و زۆر زمانی تریشدا، لە دەنگێك زۆرتریان هەیە و جار و باریش دوو تیپ دەکەونە یەك و دەنگێکی تایبەتیی جیاواز پێك دێنن، ناو بە ناویش نیمچە دەنگێکی شاردراوە لە نێوان دەنگەکانی دوو تیپدا خۆی دەردەخات، بۆیە ڕاستتر وایە گەر بتوانین بۆ هەر دەنگێك تیپێك دابنێین و نیشانە خستنە سەر و زۆرکردنی شێوەی تیپەکانیش، دەبێتە هۆی خاو و خلیچکی و لەنگی و گرانیی خوێندنەوە و نووسین، لە جیاتی ئاسانکردنیان، چونکە ئێمە لە خوێندنەوەدا (واتا) دەخوێنینەوە نەك (تیپ)، لە لایەکی تریشەوە ئێمە لە خوێندنەوەدا، چەند وشەیەك بەسەریەکەوە و بە شێوە و مەزەندە Context دەناسینەوە و لە واتاکانیان دەگەین، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات حونجەیان بکەین و فۆنیمەکانیان یەکەیەکە جیا بکەینەوە و لێکیان بدەین و دەریان ببڕین، ئینجا تێیان بگەین.

ئێستایش، با وەك بەرکولێك، هەندێکی دیاری ئەو گرفتانەی ڕێنووسی کوردی، بخەینە بەرچاو و چارەسەریشیان بۆ پێشنیاز بکەین، بۆ سەرنج و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی دڵسۆزانەی هەمووان، بۆ چەسپاندن و بڕیار لەسەردان و گشتاندن و پێڕەوی کردنیان لە لایەن دامودەزگا فەرهەنگی و ڕووناکبیری و پەروەردەیی و بوارەکانی ڕاگەیاندنەوە لە سەراپای باشووری کوردستاندا:

(١) ئەلف و بێی کوردیی بە تیپی عەرەبی، بەم جۆرە دەقی پێ بگیرێت:

★ پلەکانی دەنگە بزوێن واو: تیپی (و) چوار پلەی هەیە کە ئەمانەن:

(١) کورتە واو ( و ـ u)، کە بۆری عەرەبی دەگرێتەوە وەك: کوڕ، قوڕ، لوڕ، گوڕ... بە یەك (و)ی بێ نیشان دەنووسرێت. ئەم تیپە لە شێوەی نووسیندا، هەر شێوەی (و)ی کۆنسۆناتەکەی هەیە، بە لاتینی (w). بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن.

(٢) درێژە واو (وو ـ û)، بە دوو واو دەنووسرێت، وەك: کووڕ، ژوور، دوور، مێژوو...

★ لێرەدا پێشنیاز دەکەین، کە درێژە واو، لە جیاتی بە دوو واو (وو ـ û) بنووسرێت، کە تەنیا دەنگە بە دوو تیپ دەربڕدرابێت و گەلێك کێشەیان بۆ دروست کردووین، بە پێودانگی واوە کەشیدە بە سەرەکەی کۆڕی زانیاریی کورد و وەك واوی نیشانەی (٧) لە سەری (ۆ)، بە واوێکی نیشانەی (٧) لە ژێر (و)، یان واوی نیشانەی (١) لە ژێر (و) دەربڕدرێت.

★ لە زمانی کوردیدا، (و ـ u) و (وو ـ û)، دوو فۆنیمن، چونکە گۆڕینی (و) بە (وو) جیاوازی دەخاتە نێوان وشەکانەوە و وشەی نوێ پەیدا دەکات، وەك: کوڕ و کووڕ، بۆ نموونە، بۆیە بۆ تێکەڵ نەکردنیان لە ڕێنووسدا، پێویستییان بە دوو نیگاری جیاوازە، وەك لە پێشەوە باسمان کرد.

(٣) واوی کراوە (o)، بە واوێکی نیشانەی (٧) لەسەر دەنووسرێت، وەك: خۆر، کۆڕ، چۆڵ...

(٤) واوی بێ دەنگ (w)، یان (u) ئەگەر لە پێش یان پاش تیپێکی بزوێنەوە هات، بە واوێکی بێ نیشان (و) دەنووسرێت، وەك: داو، ڕاو، پیاو، ناو...

(٥) دوو دەنگە (دیفتۆنگ)ی (وێ)، وەك: شوێن، نوێن، کوێ، توێ...

پێویست ناکات تیپێکی تایبەت و سەربەخۆی بۆ دابنرێت، چونکە خۆی دەنگێکی ڕەسەنی کوردییە و لە دوو تیپ پێك هاتووە، (و) و (ێ) و هەمیشە چۆن بنووسرێت وا دەخوێنرێتەوە.

(٦) دەنگی (وی)یش، هەر دەنگێکی ڕەسەنی کوردییە و لە کرمانجیی باکوور و لوڕی و گەرمیان و سلێمانییشدا هەیە و لە دوو تیپی (و) و (ی) پێك هاتووە، وەك: سویر، دویر، ژویر، زویر... با هەرچۆن گۆدەکرێت، هەر وایش بنووسرێت و پێویست بە تیپێکی تایبەت و سەر بەخۆ ناکات.

(٧) واوی سەرەتای وشە، وەك: وشە، وڵات، وریا، ورد، ورچ...

ئاسانتر و ڕاستتریش وایە بە یەك واو (و) بنووسرێت نەك دوو، چونکە: بێگومان، لە زمانی کوردیدا، بزوێن، لە سەرەتای وشەوە نایەت، سەرەڕای ئەوەی ئەگەر (وو ـ û) بزوێن بوایە، دەبوو (ئـ) لە پێشیەوە پەیدا ببێت و بوترێ (ئووشە، ئووریا)، کە وا ناوترێ، دیارە دەنگی سەرەتای ئەو وشانە، (w)ە، بەڵام دەبێت بکۆڵینەوە و بزانین دووەم دەنگ (u)ە یان (i)، ئەوسا دەتوانین بڕیار بدەین کە چۆن بنووسرێت، لە فەرهەنگەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبی و ئەدمۆندسدا، تێکڕای ئەو وشانە، بە (و ـ w)ی کۆنسۆنانت دەست پێ دەکەن و (u) یان بە دوادا هاتووە، کە بەڵگەی ئەوەیە، ئەو دوو زانایە، لەو باوەڕەدان کە دەنگی دووەمی ئەو وشانە کورتە بزوێنی (u)ە و ئەگەر لە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردیدا، بەراوردێك لەنێوان هەندێك لەو وشانەدا بکەین، دەبینین کە دەشێت (و ـ w)ی کۆنسۆنانتی سەرەتای وشە، کورتە بزوێنی (i)ی بە دوادا بێت، بۆ نموونە: لە کرمانجیی ژووروودا، دەوترێت (هرچ ـ hirç)، (هشك ـ hişk)، لە کرمانجیی خوارووییشدا دەڵێن (ورچ ـ wirç)، (وشك ـ wişk) و هەروەها.

(٩) (و)ی بزوێن (وەك: کوڕ، گورج، گورگ...)، لە (و)ی نەبزوێن (وەك: وەرە، چاو، ڕاو...)، بە شێوە جیا نەکرێنەوە.

(١٠) واوی پێوەندی (عەتف)، باشتروایە بۆ ئاسانیی خوێندنەوە و نووسین، نزیك وشەی پێش واوەکە بنووسرێت، ئەگەر واوی لکێن (پێوەندی) دوو وشەی پێکەوە لکاند، کە هەریەکەیان واتای تایبەتیی خۆی هەبوو، ئەوا واوەکە بەجیا دەنووسرێت، وەك: (من و تۆ)، (دار و بەرد)، دەرزی و دەزوو)...، بەڵام لە وشەی لێکدراودا، واوی پێوەندی دەبێتە بەشێك لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و دەلکێنرێت بە پاشگری یەکەم وشەوە و بە هەموویان وشەیەکی لێکدراوی سەربەخۆ پێك دێنن، وەك: (گفتوگۆ، کشتوکاڵ، پانوپۆڕ...) بۆ نموونە.

★ *تێبینی:* ئەلفبێی عەرەبی، هەرچۆنێك دەستکاری بکرێت، هێشتا ناتەواویی هەر تێدا دەمێنێت، چونکە:

(١) دەستوورێکی دروستی نییە بۆ نووسینی ئامرازی (بەستنەوە) لە باری تیپی دەنگدار و بێدەنگدا، بۆ نموونە: (ژن و پیاو) دوو ناون، بە تیپی (و) پێکەوە دەبەسترێن، لە کاتێکدا وشەی (ژن) بە تیپێکی بێدەنگ (ن) کۆتایی دێت، (ڕێ و دێ )یش هەر بە تیپی (و) پێکەوە دەبەسترێن، لە کاتێکدا وشەی (ڕێ)، بە تیپێکی دەنگدار، واتە (ێ) کۆتایی هاتووە، ئەمیش لە زمانەوانیدا هەڵەیە، چونکە دەنگی ئەو دوو (و)ە وەك یەك نین، یەکەمیان (û)ە و دووەمیان (w).

(٢) بەهۆی بەرتەنگیی ئەلفبێیەکەیەوە، ناتوانرێ تیپی نیوە دەنگداری (w) لەگەڵ تیپی دەنگداری (u) لێك جیابکرێتەوە و ناچار بۆ هەر دووکیان هەر (و) دەنووسرێت، واتە دوو دەنگی لێك جیاواز، بە یەك جۆرە نیگار دەنووسرێت.

★ گرفتی تیپی (ی):

(١) تیپی (ی)ی بێدەنگ (واتە: y)، وەك: یاد، یار، یاڵ...

لە زمانی کوردیدا، یەك فۆنیمە نەك دوو، هەرچەندە هەندێ جار کورت و هەندێ جاریش درێژ گۆ دەکرێت، بەڵام واتا ناگۆڕدرێت و فۆنیمی تر ناهێنێتە کایەوە و پێویست بە نیگاری تر ناکات.

(٢) تیپی (ی)ی دەنگدار (واتە: î)، وەك: زەوی، پەری،...

★ لە زمانی کوردیدا، یەك فۆنیمە نەك دوو، هەرچەند هەندێ جار کورت و هەندێ جاریش درێژ گۆ دەکرێت، بەڵام واتا ناگۆڕدرێت و فۆنیمی تر ناهێنێتە کایەوە و پێویست بە نیگاری تر ناکات، ئەم دوو دەنگی (ی)یە، بە تیپی عەرەبی بە یەك شێوە دەنووسرێت، بەڵام بە تیپی لاتینی جیاوازن.

(٣) تیپی (ی)ی بزوێنی (دەنگداری) فرەکورت، کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفبێی لاتینیدا، نیشانەی (i)ی دراوەتێ، وەك: من Min، ژن Jin، کوردستان Kurdistan...، کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفبێی عەرەبیدا نییە و پێویستیش ناکات تیپێکی سەربەخۆی بۆ دابنرێت و ئەو وشانەی وا هەڵدەکەون، (وەك: نیاز، پیاو، دیار،...) بزوێنیان ناوێت.

(٤) بڕگەی (یە) لە دوای تیپی (ی)وە: بۆ ئاسان خوێندنەوە و نووسین، وا چاکە ئەگەر بڕگەی (یە) بەدوای (ی)ی درێژ یان کراوە (ێ) داهات، لە پاڵیدا بنووسرێت بێئەوەی پێوەی بلکێنرێت، وەك: ئەم دێ یە، ڕێ یە، ئەو کانی یە...

★ ئێمە وای بە پەسندتر و ڕاستر و ئاسانتریش بۆ نووسین و خوێندنەوە دەزانین، کە (یە)کەی پێوە بلکێنین و لەو باوەڕەیشداین هیچ گرفتێك بۆ خوێنەر دروست ناکات و، بڵێین: ئەم دێیە، ئەو ڕێیە، ئەو کانییە... و هەروەها.

(٥) تیپی (ی)ی کۆتایی وشە: ئەگەر (ی)ی خستنەسەر (إضافە) یان (وەسف)، چووە سەر ئەو وشانەی بە (ێ) یان (ی)ی درێژ کۆتاییان دێت، بۆ ئاسانیی خوێندنەوە و نووسین، باشتر وایە لە دوای وشەکەوە بێ پێوە لکاندن بنووسرێت، وەك، ترێ ی سپی، کانی ی ئەو دێ یە...

★ بەڕای ئێمە، ڕاستتر و باشتر و بۆ نووسین و خوێندنەوە ئاسانتریش، پێوەی بلکێنرێت و بڵێین: ترێی سپی، کانیی ئەو دێیە و... تاد

(٦) نیشانەکانی (ی) دەنگدار و (ی)ی بێدەنگ ﴿واتە: (î) و (y)﴾ لە ئەلفبێی تیپی عەرەبیدا، هەردووکیان هەمان هێمای (ی) یان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا لێك جیان و لەکاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێت هەردووکیان پێکەوە بلکێنرێن، وەك: زەوییەکە، ڕێوییەکە، دیارییەکە...

(٧) ئەگەر سێ تیپی (ی) بە دوای یەکترداهاتن، دەبێت بەرو دوا بەسەریەکەوە بنووسرێن وەك: بنچینەیییەکان، کۆتایییەکان، لادێییەکان... نەك: بنچینەیی یەکان، کۆتایی یەکان، لادێی یەکان...

(٨) (ی)ی خستنەسەر (إضافە)، یان بۆ پێکەوە بەستنی ناو و ئاوەڵناو، لەگەڵ وشەکەی پێشەوەیدا پێکەوە دەنووسێنرێن، وەك: ناسکە هەرمێی وەڕاز، ماسیی دوکان.. نەك: ناسکەهەرمێ ی وەڕاز، ماسی ی دوکان.

(٩) هەر وشەیەك، بە تیپە بزوێنی (ی) و (ێ) کۆتایی هاتبێت، هەر شتێکی بە دواداهات، (ی)یەکی نەبزوێنی دەخرێتە سەر و بە جیا لە نزیك وشەی یەکەمەوە دەنووسرێت، وەك: نوێ یە، ماڵی یە، هەرمێ یە، سێ یەم...

★ بەڕای ئێمە، (یە) کە بلکێندرێت بە وشەکەوە ڕاستتر و بۆ نووسین و خوێندنەوەیش ئاسانترە و هیچ گرفتێکیش بۆ خوێنەر دروست ناکات و، بڵێین: نوێیە، ماڵییە، هەرمێیە، سێیەم...

★ کەواتە، تیپی (ی)، سێ پلەی هەیە:

(١) (ی)ی کورت، کە ژێری عەرەبی دەگرێتەوە، وەك: خۆری بەهار، دڵی زامدار...

(٢) (ی)ی درێژی کۆتایی وشە، وەك: پیری، شیری، کووڕی...

بۆ ئەم جۆرە (ی)یە، دوو نوختە لە ژێر تیپەکەدا دادەنرێت، وەك: پیری، ژیری، شیری...

(١٠) گرفتی (ی)ی کورت و (ی)ی درێژ:

هیچ پێویست ناکات (ی)ی درێژ، بەنیشانەیەك لە (ی)ی کورت جیا بکرێتەوە، چونکە:

ئەلف: ئەگەر (ی) لە دوای تیپی دەنگدارەوە هات، دەنگەکەی بە کورتی لە دەم دێتە دەرەوە، وەك: ڕای کرد، دای نا، بۆی برد.

(١١) هەر کاتێك تیپی (ی) کەوتە دوای دوو تیپی بێدەنگەوە درێژ لە دەم دێتە دەرێ، وەك: خستـی، ڕشتـی، بردی.

(١٢) (یی): ئەم (یی)یە، لە زۆر ڕێنووسدا، لە دەستووری خۆی لای داوە و بە هەڵە دەنووسرێت وەك: هەولێریی، ڕۆشنبیریی، چونکە ئەم جۆرە (یی)یە، هەمیشە لە دوای ئەو وشانەوە دێت کە بە تیپی دەنگدار کۆتاییان دێت و بۆ دانە پاڵ بەکاردێت وەك: بەرزنجەیی، ڤرگەیی، چوارتایی، جوانڕۆیی، باڕۆیی،... گەدایی، جودایی، برایی، تارمایی.

(١٣) (ی)ی ئامرازی پێوەندی، بە تایبەتی دوای ئەو وشانەی بە (ی) کۆتاییان دێت، دەبێت بنووسرێت، بەڵام ئاسانتر و گونجاوترە پێکەوە بلکێنرێن (نەك بە جیا) وەك: مراویی نێر (نەك مراوی ی)، سینیی چا (نەك سینی ی چا) و هەروەها.

(١٤) هەموو (ی ـ Î)یەکی ناوەڕاستی وشەی کوردی درێژە و هەرگیز کورت نابێت، هەر بە (ی)ێك دەنووسرێت و نیشانەی تایبەتی ناوێت، وەك: پەنیر، شیر، هەنجیر... تاد

(١٥) (ی)ی درێژی کۆتایی، بە یەك (ی) دەنووسرێت کە دوو نوختەی لە ژێر دابێت ﴿وەك (یـ)ی سەرەتاو (یـ)ی ناوەڕاست لە ژێریاندایە﴾، وەك: کوردایەتی، پیاوەتی، مرۆڤایەتی.. تاد، خۆ ئەگەر، بۆ درانە پاڵ بوو، ئەوا (ی)یەکی بێ نوختەی پێوە دەلکێنرێت، وەك: دیاریی شوان، جافایەتیی باشووری کوردستان.

(١٦) ئاوەڵناوی (تر): لە هەندێ زاراوەی کرمانجیی نێوەڕاستدا، ئاوەڵناوی ژمارەیە، وەك: ڕۆژێکی تر، پیاوێکی تر، وڵاتێکی تر...، لە زاراوەی موکریدا، کە گەلێك شوێنەواری دێرین و ڕەسەنی پێوەیە، دەبێتە (دی)، واتا دەوترێ ڕۆژێکی دی، پیاوێکی دی و... لە کرمانجیی ژووروویشدا، هەر دەبێتە (دی) یان (دن)، واتا دەوترێ (ڕۆژێکی دی) یان (ڕۆژێکی دن).

لە کرمانجیی نێوەڕاستدا، (تر) هەر ئاوەڵناوی ژمارە نییە، بەڵکو پاشگری پەسندەناو (اسم التفضيل)یشە وەك: باش ـ باشتر، خۆش ـ خۆشتر، دوور ـ دوورتر و... تاد.

جا لەبەر ئەوەی لە زاراوەی سلێمانی و لەو ڕێیەیشەوە لە زمانی ئەدەبیی ئێستاماندا، بۆ دوو مەبەستی جیاواز بەکار دەهێنرێت، هەروەك زۆربەی زۆری کوردزمان (دی) بۆ ئاوەڵناوی ژمارە بەکار دەهێنن، کەواتە لە زمانی ئەدەبیدا (دی) ئاوەڵناوی ژمارە و (تر) بۆ پاشگری پەسندەناو بەکار بهێنرێت، بەڵام دەبێت ئاگامان لەوەیش بێت، کە لە زاراوەی سلێمانی، ئەردەڵان و، سۆراندا، ئاوەڵناوی (کە)یش بەکاردێت کە کورتکراوەی ﴿دیکە (دی + کە)﴾یە، وەك: ڕۆژێکی کە (یان ڕۆژێکی دیکە) و (ساڵێکی کە، یان ساڵێکی دیکە) و هەروەها.

★ (ر) و (ڕ)، لە زمانی کوردیدا، دوو نرخیان دەدرێتێ و دوو فۆنیمی جیان، چونکە لە ناو سیستمی دەنگزانیی زمانی کوردیدا دوو نرخی جیایان هەیە، بۆیە لە هەر شوێنێکدا دەربکەون، شێوەیان چۆنە دەبێت وا بنووسرێن و ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت، لەبەر ئەوەی کە هەموو (ر) یەك کە بکەوێتە سەرەتای وشەی کوردییەوە (قەڵەو)ە، بۆیە لە نووسیندا پێویست ناکات نیشانەی قەڵەویی (٧) بۆ دابنرێت، بۆچوونێکی نادروستە و دەرنەکەوتنی (ر)ی لاوازی سەرەتای وشەی کوردی، یاسایەکی دەنگزانییە لە زمانی کوردیدا و پێوەندیی بە (ڕ)ی قەڵەوەوە نییە و، ئەوانەی وا دەڵێن، دەبێت ئەوەیش بزانن کە زۆربەی ئەو لامەی بە دوای ئەلفدا دێن لە زمانی کوردیدا قەڵەون، وەك: ماڵ، پاڵ، هەڤاڵ، گاڵ، شاڵ، ناڵ، داڵ، لاڵ، کاڵ، تاڵ و... ئەگەر وابێت کەواتە نابێت نیشانەی قەڵەوی بۆ (ل)ی دوای (ا) دابنرێت...!!

## چۆنێتیی نووسینی وشەی لێکدراو

- ئەگەر وشەی یەکەمی وشە لێکدراوەکە، بە تیپە نە لکاو کۆتایی هاتبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ دەخرێتە پاڵ یەک، وەك:

| وشە سادەکان | وشە لێکدراوەکان |
|---|---|
| دار، سێو | دارسێو |
| قژ، کاڵ | قژکاڵ |
| لێو، ئاڵ | لێوئاڵ |

⋆ ئەگەر وشەی یەکەمی وشە لێکدراوەکە، بە تیپە لکاو کۆتایی هاتبێت، وەك (دەست پاك) بۆ نموونە، دەتوانرێ بە دوو شێوە بنووسرێت، دەستپاك، دەست پاك.

⋆ ئەگەر بۆ ناوی تایبەت یان وشەی فەرهەنگی و زاراوەی زانستی بەکارهێنرا، ئەوا دروستە لێك بدرێن و بنووسین (دەستپاك)، ڕێزمان، دانساز... تاد.

⋆ ئەگەر وشەی لێکدراو بەهۆی ئەم ئامرازانەوە درانە دەم یەکتر، هیچ گرفتێك لە نووسینیاندا نییە:

١. تیپە بزوێنی (ە)، وەك: ئارد + ە + برنج = ئاردەبرنج
شەکر + ە + سێو = شەکرەسێو

٢. بەهۆی (و)ی عەتفەوە، وەك: لەرز + و + تا = لەرزوتا
ڕێ + و + بان = ڕێوبان
سارد + و + سڕ = ساردوسڕ

٣. بەهۆی (ەو)ەوە، وەك: شار + ەو + شار = شارەوشار
دۆڵ + ەو + دۆڵ = دۆڵەودۆڵ

⋆ دەشێت دوو وشەکە:
أ. لە بابەتێك بن، وەك:
دار + ەو + دار = دارەودار
ساڵ + ەو + ساڵ = ساڵەوساڵ
ب ـ لەبابەتێك نەبن، وەك:
گۆڕە و شار، سەرە و خوار

٤. بەهۆی (او)ەوە، وەك: چڵ + او + چڵ = چڵاوچڵ
پشت + او + پشت = پشتاوپشت

⋆ ئەو وشە لێکدراوانەی کە بەو پاشگرانەی واتای وشەکەیان گۆڕیوە بووبێتە وشەی لێکدراو، بەدوو شێوە دەدرێتە دەم یەکتر:

١. ئەگەر یەکەم وشەی وشە لێکدراوەکە، بە تیپە نەلکاو کۆتایی هاتبێت، ئەوا بە ئاسایی نادرێنە دەم یەکتر، وەك:

| وشەی سادە | پاشگر | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|
| دار | ستان | دارستان |
| چەقۆ | گەر | چەقۆگەر |
| بەرز | ایی | بەرزایی |
| مزر | ۆکە | مزرۆکە |

٢. ئەگەر یەکەم وشەی وشە لێکدراوەکە، بە تیپە لکاو کۆتایی هاتبێت، ئەوا بە ئاسایی (وشە و پاشگرەکە)، دەدرێنە دەم یەکتر، وەك:

| وشەی سادە | پاشگر | وشەی لێکدراو |
|---|---|---|
| مزراح | ێن | مزراحێن |
| پووش | انە | پووشانە |
| خۆڵ | دان | خۆڵدان |
| کرێ | کار | کرێکار |

★ ئەگەر وشە لێکدراوەکە، بە (داتاشین) بووبێتە وشەی لێکدراو، ئەوا دوو شێوە هەیە بۆ ئەوەی بدرێنە دەم یەکتر:

١ـ ئەگەر وشە داتاشراوەکان، لەوانە بوون پێکەوە بلکێنرێن، ئەوا پێکیانەوە دەلکێنین، ئەگینا جیابەجیا دەیان دەینە دەم یەکتر، وەك وشەی (جوامێر)، کە لە بنەڕەتدا لە پێکەوە لکاندنی داتاشراوی وشەی جوان (جوا)و، وشەی مێرد (مێر) پێك هاتووە. هەر بەو پێیە، مراوی، نیوەڕۆ، بۆگەن...

٢ـ ئەگەر سەرەتایی دووەم وشەی وشە لێکدراوەکە (و) بوو، لادەبرێت، وەك:

ماست + ئاو = ماستاو

بەرد + ئاش = بەرداش

خۆر + ئاوا = خۆراوا

★ گرفتی پێشگر، لە نووسیندا:

- ئەو پێشگرانەی بە (تیپە لکاو) کۆتاییيان هاتووە، ئاسایی نالکێنرێن بە پێشی وشەکەوە، وەك:

دە: دەڕوات، وەر: وەرگەڕا،

نا: نارەوا، ڕا: ڕاپەڕی...

-ئەو پێشگرانەی بە (تیپە لکاو) کۆتاییيان دێت، دەلکێنرێت بە پێشی وشەکەوە، وەك:

ب: بکوژ، بنووس، برۆ...

★ گرفتی فرمانی لێکدراو، لە نووسیندا: دەبێت وشەکانی فرمانی لێکدراو بە جیا بنووسرێت (پێکەوە ـ نە لکێنرێن بەڵام لە نزیك یەکترەوە بنووسرێن، وەك: دانەگیرسا، ڕۆنەچوو... بەو پێیە:

١. فرمانی لێکدراوی دوو وشەیی بەم جۆرە دەنووسرێت:

هەڵدەچێت، پێ دەکەنێت، پێش دەکەوێت...

٢. چاوگ و فرمانی لێکدراوی سێ وشەیی:

سەری هەڵبڕی، چاوی داخست، ڕێی هەڵەکرد...

٣. فرمانی لێکدراوی چوار وشەیی و زۆرتر:

شوێنپێی هەڵگرت

★ **گرفتی ئامرازی پێوەندیی (ی) لە نووسیندا:**

لە زمانی کوردیدا، ناو بە ڕاناو یان بە ئاوەڵناو تەواو دەکرێت، بەڵام بە یاریدەی ناوگری (ی)، وەك:

کەوایی سورمە، کتێبەکەیی تۆ، کالیاریی گەییو

جا ئەگەر، وشە تەواو کراوەکە:

١. بە تیپە لکاو کۆتایی هاتبوو، ئەوا ئاسایی (ی)ی پێوەندییەکەی پێوە دەلکێنرێت، وەك:

گۆشتی ئاسك، کراسی سپی، دارستانی چڕ...

٢. بە تیپە نە لکاو کۆتایی هاتبوو، ئەوا ئاسایی (ی)ی پێوەندییەکەی پێوە نالکێنرێت، وەك:

گوێزی هەورامان، چیای سەرکەش، تووی ولیان...

★ لە نووسینی وشەی تاکی نەناسراودا، نیشانەی نەناسراوی، وەك (یەك، ێك، ەك)، بەم شێوەیە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان.

١- ئەگەر وشەکان بە تیپە بزوێن (ر، ۆ، وو، ە، ێ) کۆتاییيان هاتبوو، ئەوا (یەك)یان بە دواوە دەلکێنرێت، وەك:

دەریا: دەریایەك، پەری: پەرییەك، فریشتە: فریشتەیەك، پاروو: پارووییەك...

٢- ئەگەر وشەکان بە تیپی نەبزوێن کۆتاییيان هاتبوو، ئەوا لە کرمانجی ژووروودا (ەك) وە لە کرمانجی خواروودا (ێك)یان بە دواوە دەلکێنرێت، وەك:

ژن: ژنەك، ژنێك

گوند: گوندەك، گوندێك

٭ ئەگەر چاوگێك، سێ پێشگری لە پێشەوە هات، وەك لە وشەی (پێ لێ هەڵبڕین) دا دەبینرێت، ئەوا پێشگری یەکەم و دووەم بەجیا و هی سێیەم بە چاوگەکەوە دەلکێنرێت، واتە دەنووسین: پێ لێهەڵبڕین، یان: دەست لێ هەڵگرتن و... تاد.

٭ ئەگەر ناوێك، بە تیپە بزوێنی (ا، ە، ێ، ۆ، وو) کۆتایی هاتبێت، وەك: میراوا، وڵیاوا، وارماوا، مەرگە، قەڵادزە، ڕانیە، بارێ، دێرێ، زەڵێ، هێرۆ، کوڵەجۆ، شنۆ، سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، وڵاخڵوو...) لە کاتی درانە پاڵ (نیسبەت)دا، (یی) لە دواوە دەنووسرێت، خۆ ئەگەر ئەوانیش درانە پاڵ شوێنێکی تر، (ی)یەکی تر دەلکێنرێت بە کۆتاییيەکەیەوە و، دەبێ ئەوەی دواییيان پێکەوە بنووسرێت، لەبەر ناقۆڵا نەبوون، وەك: سەرگەڵوو، سەرگەڵوویی، سەرگەڵوویی سلێمانی، بۆ نموونەی هەموویان.

٭ لە نووسینی وشەی: دەسەڵات، دەستبەجێ، دەستبەردار... تاد، ڕاستتر وایە، (ت)ی دەستەکان بنووسرێن، بەڵام دەتوانرێت بۆ ئاسانی نەخوێندرێتەوە.

٭ وشەی چییە و نییە، بە دوو (ی)ی پێکەوە لکاو بنووسرێت، نەك چیە و نیە، یان چی یە و نی یە.

٭ ئەگەر پێشگر، چووە سەر فرمان، یان چاوگ، ئەوا پێوەی دەلکێنرێت، وەك:

هەڵگرت، هەڵگرتن، تێکچوو، تێکچوون

٭ ئەگەر، جێناو، کەوتە پێش فرمانەوە، پێکەوە ـ دەلکێنرێن، وەك:

دەمگرت، دەمانگرت، دەیانگرت، دەتانگرت

٭ لە وشەی لێکدراودا، ئەگەر وشەی دووەم (فرمان) بوو، بەجیا دەنووسرێن، وەك:

ڕێك کەوتن، پێش کەوتن، پێك کەوتن، تێك ڕژان...

بەڵام، ئەگەر وشەی دووەم، چاوگ یان لە بارێکی تردا بوو، ئەوا هەردوو وشەکە پێکەوە دەلکێنرێن، وەك:

ڕێککەوتن، پێشکەوتن، پێکهاتن، تێکڕژان...

٭ پاشگری (دا)، دەبێت بە وشەکانی پێش خۆیەوە بلکێنرێت، وەك: لەناخمدا، لە ژیانمدا، لە ڕێی نیشتماندا...

بەڵام فرمانی (دا)، کە چاوگەکەی (دان)ە، بەجیا دەنووسرێت و نابێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە بلکێنرێت، وەك: هەوڵم دا، بۆڕم دا، فڕێم دا...

## ((چەند سەرنج و پێشنیازێك))

*ئەمانەی خوارەوە چەند سەرنج و پێشنیازێکن، دەربارەی ئەلف و بێ و ڕێنووس:*

**(أ) ئەلف و بێ:**

١- نابێ بۆ (یەك) دەنگ، (دوو) تیپ دابنرێت.

٢- دەبێ نیشانە بخرێتە ژێر واوی درێژ و یێی درێژ، ڕەنگە پەسەند وابێ نیشانەکەیان هەشتێکی بچووك بێت.

٣ـ دالی کلۆر و تێی کلۆر، دال و تێی ڕاستین، بۆیە دەبێ هەر بە تیپە ئاساییەکانی خۆیان بێ نیشانە بنووسرێن و، نە فرتێنرێن، وەك: مندالّ، بەد، باوکت.
٤ـ ئەو دەنگانەی لە کوردیدا نین، بەو جۆرە بنووسرێن کە لە زاری کورد دێنە دەرێ، یان بە تیپی زمانی خۆیان لە نێوان دوو کەوانەدا بنووسرێن.
٥ـ لە جیاتیی (شەددەی) عەرەبی، دوو تیپی دەنگە گوشراوەکە بنووسرێ، وەك: زللە، کوللە.
٦ـ نیشانە، بۆ ڕێی فەلّەو دابنرێ، لە ژێر (ر) یەکەدا، وەك: ڕێبوار، ڕۆژگار، بڕیار...
٧ـ پێویست ناکات هیچ نیشانەیەك بۆ سووکە ژێر (کەسرەی موختەلەسە) دابنرێت.

(ب) ڕێنووس:

١ـ تێکڕا، وشەی لێکدراو و داڕێژراو، کە بوون بە وشەی فەرهەنگی، هەموو کەرتەکانیان پێکەوە بنووسرێن، دەستەواژەی ئاوەڵکاری و ئاوەڵناوی کە هێشتا نەبوونەتە وشەی فەرهەنگی، کەرتەکانیان بە جیا و لێك نزیك بنووسرێن (چنگ لەسەر شان، بۆ نموونە).
٢ـ وشەیەك، کە کەرتی ناتەواوی فرمانی تێدا بەشدار بوو، هەمیشە کەرتەکانی، دەبێ پێکەوە بلکێندرێن، وەك:
خوێنڕێژ، هەڵکەوت، گورگنەخۆر، بەرتیلخۆر، ڕۆنگۆڕ، گۆشتخۆر، گۆشتجن، جوانـنووس... تاد.
٣ـ هەرچی ناوی کۆکە، وەك وشە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ (وەك: گوڵبەدەم، کێلەشین، خاتوزین، کاکەلاس، پیرەمەسوور... تاد).
٤ـ ناوی عەرەبی و بیانی، ئەگەر وەك خۆیان ڕاگوێزران، بخرێنە ناو کەوانەوە و بەپێی ڕێنووسی زمانەکەیان بنووسرێن، وەك: (محمد، George...)، بەلاّم ئەگەر تیپی ئەو زمانانە، لە ڕێنووسی کوردیدا نەبوون، بەپێی ڕێنووسی زمانەکەیان، لە دوو کەوانەدا بنووسرێن، وەك: لیثیۆم، میثان، ڕەذەرفۆرد... تاد).
٥ـ پێشگری فرمان و نا فرمان، دەلکێنرێت بە دوای خۆیەوە، بەلاّم ئەگەر دوو پێشگر پێکەوە هاتن، ئەوەی دراوسێی وشەکە، پێیەوە دەلکێنرێت، دووەمیان بەجیا و لە تەنیشتیەوە دەنووسرێ:

أ/ نیشانەکانی (موزاریع، ئەمر، نەهی، نەفی)، بەفرمانەوە دەلکێن، تەنانەت کە دەنووسرێ (نەدەڕۆیشت)، دەبێ وا دابنرێ کە پێکە لکاون، هەرچەند (نە، دە) بە پێی ئەلف و بێ، ناتوانن بەدوای خۆیانەوە بلکێن، بۆیە لێك نزیك دەنووسرێن.

ب/ ئەم نیشانانە، لەدوای پێشگریشەوە، هەر بە وشەوە دەلکێن، وەك: هەڵبگرە، هەڵنەگری، هەڵنەفڕی... تاد.

ج/ کە ڕاناوی لکاو کەوتە ناوەڕاستەوە، بەخۆی و ئەوەی پێش خۆیەوە، لەوشەی دواوە دادەبڕێت، وەك: هەڵم دەگرت، هەڵم گرت، هەڵم کێشا، پێم گەیشت، بۆم هات، وەرم گرت... بەلاّم لە نزیکیەوە دەنووسرێت.

د/ کە ڕاناوی لکاو، کەوتە دوای وشەی سەربەخۆوە، لە هەموو بارێکدا لە وشەکەی دواوەی دوور دەخاتەوە، وەك: خانووم کرد، سەرمان تاشی، ئاسنەکەیان بڕییەوە..

هـ/ پێشگری (پێشبەند) (Preposition)، دەلکێنرێت بە وشەکەوە، وەك: (بێدین، بەدڕەوشت)، بەلاّم کە لە پێشگرێتی کەوت، لە وشەکە دوور دەکەوێتەوە، وەك: (دنیا بێ دین ناگونجێ).

و/ پێشگری لێکدراو، هەمیشە بەجیا و دوور لە فرمانەوە دەنووسرێت، وەك: لێك دابڕان، پێکەوە هاتن، پێکەوە ژیان...

٦ـ هەموو پاشگرێك دەبێ بە وشەكەی پێشیەوە بلكێت، تەنانـەت ئەگـەر دوو پاشگرو دوو ڕانـاوی لكاویش دوا بەدوای یەكتر هاتن هەموو پێكەوە دەلكێن بـە وشـەكەی پێشیانەوە، وەك: (میوانـداریتانم تـاقی كـردەوە، هەڵسوكەوتیانم بەدڵ نەبوو).

٧ـ داتاشـین، بـەر واتـا و حـوكمی وشـەی دارێـژراو دەكـەوێ و، هـەرجۆرێك بـێ، ئـەوەی بۆتـە وشـەی فەرهەنگی یان لە داتاشیندا سوان و قرتان و سووك كـردن ڕووی دابـوو، بەسـەر یەكـەوە یـان بەشـێوەی پێكەوە لكاو دەنووسرێن.

٨ـ ژمارەكان، بەم جۆرە دەنووسرێن:

پێـنج، شـەش، یـازدە، دوازدە، سـیازدە، چـواردە، پـازدە، شـازدە، حەڤـدە، هـەژدە، نـۆزدە، حەوتـسەد، هەشتسەد... تاد.

دووەم، سـێیەم، نۆیـەم، دەیـەم، پازدەیـەم، سـیازدەیەم، حەفتایـەم، نەوەدیـەم، سـەدیەم، هەزاریـەم، ملیۆنیەم، ملیاریەم، یەكەمین، نۆیەمین، دەیەمین، ملیۆنەمین، ملیارەمین.

٩ـ ڕاناوی لكاو، هەمیشە بە وشـەكەی پـێش خۆیـەوە دەلكێنرێت و لـەوەی پـاش خـۆی دادەبڕدرێت، ئەگەر نیشانەی (موزاریع، نەفی، نەهی، ئەمر) پێكەوە بنووسرێن، دیارە ڕاناوی لكاو، بـەڕاناوی لكـاوەوە دەلكێت، وەك: (قسەكەتم پێ باشە، كتێبەكەمت چی لێ كرد، بینیمانن... تاد).

١٠ـ هەرچی ئامرازەكانی پەیوەندی هەیە، بەجیا دەنووسرێن، بەڵام دەبێت:

أ/ دەست لە بەكارهێنانی (وە) بپارێزین، چونكە ڕاگواستنێكی دەقاو دەقی عەرەبییە.

ب/ واوی پێوەندی كوردی نزیك لە وشەكەی پێشیەوە بنووسرێ.

ج/ كە واوی پێوەندی بوو بە كەرتی وشە، دەبێتە بەشـێكی ڕیـشەیی و وشـەكە بـە تیپـەكانی تـرەوە دەلكێت، وەك: (كەلوپەل، نەشونما، شتومەك.. تاد).

د/ لەوشەی وەك: (دار و بەرد، دەشت و دەر، هار و مـار.. تـاد)دا، دەبێـت واوەكـە بـەجیا بنووسـرێت، بەڵام لە نزیك دوا تیپی وشەكەی پێش واوەكەوە بێت.

هـ/ (نە)ی (نەفی و عەتف) لە دووری وشەوە دەنووسرێت، وەك: (نەدیم نـەدەڕۆم، نـە ئێـوە نـە ئێمـە هیچمان پێ ناكرێ).

و/ ئەگەر سێ دانەی هەمان تیپ بەدوا یەكتردا هاتن، ئەوا دوانی پێـشەوەیان پێكـەوە دەلكێنـدرێن و سێیەمیشیان لە نزیكیانەوە بەجیا دەنووسرێت، یان بەپێی داخوازی ڕێزمـان، دوانـی دواوەیـان بـە جیـا لە نزیك كۆتایی وشەكەوە بنووسرێن، وەك: (لادێ یی، مێ یینە)(*).

* هەرچـەندە ئێمـە وای بـە پەسـەندتر دەزانـین كـە هەرسـێكیان پێكـەوە بنووسـرێن، وەك: (لادێیی، مێیینە، قەڵادزێیی.. تاد)

* ئەلفوبێی عەرەبی، هەر چۆنێك دەستكاری بكرێت، هێشتا هەر ناتەواوی تێدا دەمێنێ، چونكە:

(١) ئەلفوبێی عەرەبی، هەرچەندە ئەلف و بێیەكی جوانە، بەڵام زۆر گرانە، چونكە هەموو دەنگێك چوار نیگاری جیاوازی هەیـە، كـە نیگاری هـەردەنگێك بـەپێی شـوێنی ئـەو دەنگـە لـە وشـەدا دەگـۆڕدرێ، ئەگـەر لەسـەرەتاوە، یـا لەناوەڕاسـتدا، یـا لـە كۆتاییـدا بـێ، بۆوێنـە دەنگـی (ج)، بەچوار جۆر دەنووسرێ: (ج، جـ، ـجـ، ـج)، كە شـتێكی ئاساییيە، چونكە مێـژووی ئـەلفوبێی عەرەبی هەزار و پێنج سـەد سـاڵ زیـاترە و تـا ئێـستا هـیچ جۆرە دەسـتكاری و بیرازێكـی وای نەكراوە كە لەگەڵ پێداویستییەكان و گیانی ئەم چەرخەدا بگونجێ.

(٢) شـێوەیەكی یـەكگرتووی نییـە بـۆ نووسـین، بـۆ نموونـە: وشـەی (تێهەڵـچوون)، بـە چـوار جـۆر دەنووسرێ: (تێ هەڵچوون)، (تێهەڵچوون)، (تێهەڵ چوون)، (تێ هەڵچوون) و كەسیش ناتوانێ بڵـێ كامیـان هەڵەیـە، هەرچـەندە دەتـوانرێ ئـەم ناتەواوییـە، بـەوە تـەواو بكـرێ، كـە هـەموو تیپـەكان بەسـەریەكەوە بنووسـرێن، وەك: (تێهەڵـچوون)، بـەڵام نـاتوانرێ ئەمـە بكرێتـە دەستوورێكی گشتی بۆ هەموو وشەیەك.

(٣) دەستوورێکی ڕاستی نییە بۆ نووسینی ئامرازی (بەستنەوە) لە باری تیپی دەنگدار و بێدەنگدا، بۆ نموونە: (ژن و پیاو) کە دوو ناون، بە تیپی (و) پێکەوە دەبەسترێن.

(٤) تیپی دەنگداری ونبوو (بزر)، واتا سووکە ژێر یان بزرۆکە، بەم ئەلفوبێیە نانووسرێت، خۆ ئەگەر ئاوایش (ـِـ) بنووسرێ بۆ نموونە: (بردن)، ئاوا (بردین) بنووسرێ، شتێکی نەگونجاو و ناقۆلا دەردەچێ.

(٥) هەندێ دەنگ هەن، کە بکەونە تەنیشت یەکەوە، نووسینیان یەکجار ناقولا دەبێت، بۆ نموونە کە بڵێین: (ئەمە کرمانجیی ژوورووە) یا (تۆ ئیشی وات نەکردووە) بەو جۆرە بە سێ (و) بنووسیت، شتێکی زۆر سەخت و ناشیرینە لە نووسیندا، خۆ ئەگەر ئاوا: (ژووروە) و (کردوە)، وەك ئێستا دەنووسرێن، ئەوە هەڵەیە، چونکە (و)ی (ژوورو) تیپێکی دەنگداری درێژە (واتا ũ) و (و)ی دوایی تیپێکە نیوە بێدەنگە، واتا (W)ە بۆیە دەبێ (ژوورووە) و (کردووە) وا بنووسرێن:

(Kirdũwe) و (jũrũwe)

## (( پوختە نیگایەکی گشتی و گرنگ ))

١. گرفتی (ی)ی درێژ و کورت:

هیچ پێویست ناکات کە (ی)ی کورت، لە (ی)ی درێژ، بە نیشانەیەك جیا بکرێتەوە، چونکە هەر یەکەیان یەك دەنگن و، تیپی گیراو (مُشدَد) نین، بۆیە نابێت بە دوو (ی) بنووسرێن، چونکە:

أ. هەر کاتێك تیپی (ی) کەوتە دوای دوو تیپی بێدەنگەوە لە وشەدا، دەنگی (ی)یەکە درێژ دەکرێتەوە، وەك:

بردی، گرتی، خستی، شکاندی، فڕاندی...

ب ـ ئەگەر (ی)، لەدوای تیپی دەنگدارەوە هات، دەنگی (ی)یەکە بەکورتی لەدەم دێتە دەرەوە، وەك: ڕای کرد، دای نا، بۆی بردم، تەی کرد...

٢. (ی)ی ئامرازی پێوەندی، بەتایبەتی دوای ئەو وشانەی بە (ی) کۆتاییان دێت، پێویستە بنووسرێت، چونکە نەنووسینی لادانە لە دەستوور و ڕێزمانی کوردی، وەك:

مراویی نێر، ماسیی دەریا، سینیی چا...

٣. برگەی (یی): لە زۆر ڕێنووسدا، لە دەستووری خۆی لایداوە و، بەهەڵە دەنووسرێت، چونکە ئەم برگەیە، هەمیشە لەدوای ئەو وشانەوە دێت کە بەتیپی دەنگدار کۆتاییان دێت، وەك: ڤرگەیی، چوارتایی، جوانڕۆیی،... تاد، بۆیە ئەگەر بنووسین: ڕۆشنبیریی، هەولێریی، کوردیی، یەکێتیی.. هەڵەیە و دەبێت بنووسین: ڕۆشنبیری، هەولێری، کوردی، یەکێتی...، خۆ ئەگەر (ی)ی خستنەسەر (دانەپاڵ) یان چووە سەر ئەوسا دەنووسین: ڕۆشنبیریی، کوردیی، یەکێتیی...

٤. دال (د)ی سەرەکیی ئەو وشانەی بە (د) کۆتاییان دێت، کە ئامرازی (دا)ی چووە سەر، دەبێت (د)ە سەرەکییەکە بنووسرێت، ئەوجا پاشگری (دا) یەکەی بخرێتە سەر، وەك: لەبن بەرددا، لەناو هەرددا...

نەك (لەبن بەردا، لەناو هەرددا و...)

٥. (ێ، یەك، یێك):

ئاشکرایە، ئەگەر دوا تیپی هەر وشەیەك، تیپی بێدەنگ بوو، وەك (بزن، مەڕ، داس...)، کە پاشگری (یەك)ی چووە سەر، دەنووسرێت:

(بزنێك، مەڕێك، داسێك)، بەڵام ئەگەر وشەکە بەتیپێکی دەنگدار کۆتایی هاتبوو، وەك: گا، بەڕوو، گرمە، هەڵۆ، هەرمێ...) دەبێ بنووسرێت:

(گایـەك، بەڕوویـەك، گرمەیـەك، هەڵۆیـەك، هەرمێیـەك) و کـە هەنـدێك کـەس دەنووسـن (گایێـك، بەڕوویێك، گرمەیێك، ... تاد)، یەکەم، لادانە لە دەستوور و ڕێنووسی کوردی و دووەم، (یێـ) دوو تیپـە بەکارهێنانی دوو تیپ بۆ یەك دەنگ، شتێکی نەشیاو و هەڵەیە.

٦- (ی)ی ئامرازی پێوەندی، لەگەڵ ئەو وشانەدا کە بە برگەی (یـی) کۆتاییـیـان هـاتووە، هەنـدێ کـەس وای دەنووسن (شایی بناویلە، بۆشایی ئاسمان...)، بێگومان پێویستییان بەو (ی)ی پێوەندییە هەیـە کـە نەنووسراوە، بۆیە بەپێی دەستووری زمانی کوردی دەبێت بنووسین:
شاییی بناویلە، بۆشاییی ئاسمان...).

٧- نووسـینی پاشـگری (یـە)، لـەدوای ئـەو وشـانەوە کـە بـە (ی) کۆتاییـیـان هـاتووە، وەك: زانیـاری، داخوازی... پێویستە بنووسرێت (ئـەم زانیارییـە، ئـەو داخوازییـە...)، کـە سـووك و ئاسانتریـشە لـەوەی بنووسین (ئەم زانیاری یە، ئەو داخوازی یە...) و هیچ گرانی و سەر لێشێواندنێکی تێدا نییە.

٨- لە نووسینی وشـەی (لادێ یـی) لەگـەڵ پاشـگری (یـەك) نووسـراودا، بەچـەند جۆرێـك دەنووسـرێت، وەك:
لادێ یی یەك، لادێیی یەك، لادێیی یێك، بۆ نموونە، کە ئەگەر سەرنجیان بدەین، یەکـەم و دووەمیـان ٤ (ی) و سێیەمیان (ە)ی دەکەوتە پاڵ یەکەوە و نووسین و خوێندنەوەیشیان ورد بوونەوە و سـەرنج و تێڕامانی دەوێت، بۆیە ئەگەر بنووسـین (لادێیییـەك)، دەبیـنین دەسـت هـەڵگرتنی کـەمتر تێدایـە لـە نووسیندا و وردبوونـەوە و سـەرنج و تێڕامـانی کـەمتریش دەوێـت و تووشـی (ە) (ی)ی پـاڵ یـەکیش نابین، هەر بەو پێیەیش: گەورە دێیییەك، قەڵا دزێیییەك... و تاد و لەگـەڵ ڕێزمـان و ڕێنووسیـشدا گونجاوە.

٩- (و)ی لکێن: ئەگەر (و)ی لکێن، دوو وشەی پێکەوە لکانـد، کـە هـەر یەکـەیان واتـای تایبـەتیی خـۆی هەبوو، ئەوا (و)ەکە بەجیا دەنووسرێت و پەسەندتر دەبێت گەر لە کۆتایی وشـەکەی پـێش خۆیـەوە نـزیکتر بنووسـرێت، وەك: (دار و بـەرد)، (مـن و تـۆ)، (ژن و مـاڵ) و....، بـەڵام ئەگـەر دوو وشـەی پێکەوە لکانـد کـە بـە هـەردووکیان واتایـەك ببەخـشن، ئـەوا دەبێـت بلکێنرێـت بـە پاشـگری وشـەی یەکەمەوە، وەك: (کشتوکاڵ، پانوپۆڕ...).

١٠- پاشـگری (ەکـە)، نـە ناسـراوی پـێ دەکرێـت بـە ناسـراو، کـە لـە زۆر شـوێندا دەکرێـت بـە (کـە) و ناوەکەش گۆڕدراوە، بۆ نموونە: دەبینین زۆر کەس دەنووسێت: (خانۆکەم کڕی، جوانۆکەم ئاودا..)، ئەو جۆرە نووسینە، هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەو دوو ناوە، لە (خـانوو، جوانـوو)ەوە، بـوون بـە (خـانۆ، جوانۆ) و (ەکە) کانیش بوون بە (کە)، بۆیە دەبێت بنووسرێت: خانووەکەم کڕی، جوانووەکەم ئاودا) و ... تاد.

## (( سەرچاوەکان ))

(١) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عـەرەبی، گۆڤـاری کۆڕی زانیاری عێراق ((دەستەی کورد))، بەرگی نۆهەم ١٩٨٢.

(٢) نوری عەلی ئەمین، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، چاپخانەی سلمانی أعظمي ـ بەغداد ١٩٧٦.

(٣) جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ ـ ١٩٧٦.

(٤) حامیـد فـەرەج، ڕێنووسـی کـوردی لـە سـەدەیەکدا چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد ـ بەغداد ١٩٧٦.

(٥) طاهر صادق، ڕێنووسی چۆنیەتی نووسینی کوردی، چاپخانەی شیمال ـ کەرکوك ١٩٦٩.

(٦) مصطفی نەریمان، ڕێنووسی کوردی لـە ڕەگ و ڕیـشەوە، دەزگای ڕۆشـنبیری و بلاوکردنـەوەی کوردی، زنجیرەی زمان (٥) ـ بەغدا ١٩٨١.

(٧) مەسعود محەمەد، بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیـاری کـورد ـ بەغدا ١٩٧٨.

(٨) ئیـبرایم ئـەمین باڵـدار، زەنگـی کـاروانی ڕێنـووس، گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری عـیراق ((دەسـتەی کورد))، بەرگی نۆهەم ١٩٨٢.

(٩) ڕاسپێرییەکانی لێ دوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، کـە کـۆڕی زانیـاری عـیراق ((دەسـتەی کورد))، لەبەغدا لە ١٨ ـ ١٩/ ١٢/ ١٩٨٥ گێڕاویە.

(١٠) ڕاگەیاندننامەی کۆتایی سیمیناری زمانی کوردی، هەولێر، ٢٠ ـ ٢٢/ ٩/ ١٩٩٨.

(١١) شاکر فتاح أحمد، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی و شـێوەی چارە کردنیـان، گۆڤـاری کـۆڕی زانیاری عیراق ((دەستەی کورد))، بەرگی نۆهەم ١٩٨٢.

(١٢) عمر عبدالرحیم، ڕێنووسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ((دەسـتەی کـورد))، بـەرگی نۆهەم ١٩٨٢.

(١٣) محمد معروف فتاح، نووسینی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کـۆڕی زانیـاری عـیراق ((دەستەی کوردی))، بەرگی نۆهەم ١٩٨٢.

(١٤) وریـا عومـەر ئـەمین، ئـیملای کـوردی و چـەند تێبینییـەك، گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری عـیراق ((دەستەی کورد))، بەرگی نۆهەم ١٩٨٢.

(١٥) د. کامیل بەسیر، خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.